# لەیلا زانا و سیاسەتێکی نوێ لە باکووری کوردستاندا



کاوە ئەمین

لە دوای ساڵی 1990 وە، شان بەشانی خەباتی چەکداری، بزوتنەوەیەکی سیاسی لە چوارچێوەی یاسای پارتی ئیجازە پێدراو لە تورکیا و باکووری کوردستاندا، دەستیانکرد بە خەباتێکی بەرفراوان، هەرچەندە لە سەرەتادا، زیاتر لایەنە کولتووری و مێدیایەکانی لە خۆ دەگرت، بەڵام پاشان بواری سیاسی گەشەی پێدرا. گومان لەوەدا نییە کە ئەوە خەباتی چەکداری بوو، بە هەموو کەموکورتیەکانیەوە، دەرگای بۆ هەندێک گۆڕانکاری کردەوە و ئەو ترسەی کە دەیان ساڵ بوو کرابووە مۆتەکەی سەری کورد لە باکووردا، بە ئاگری لوولەی تفەنگەکانی گریلا ڕەویەوە، بە شێوەیەک کە لە کۆتای ساڵی 1992 دا، کورد هێندە بڕوای بە خۆی هێنابوو، بە بێ حسابکردن و هەڵسەنگاندنی سیاسەتی نێونەتەوەیی و ناوچەیی، باس لە دامەزراندنی "حوکومەتی شەڕ" لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە، کرایە پرۆژە و هەنگاویشی بۆ هەڵهێنرا.
شەڕی چەکداری لە هەر دەڤەرێکی دنیادا بێت، ئەگەر زوو نەتیجە نەدا بەدەستەوە، ئەوا درێژە پێدانی دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی ژێرخان و سەرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، جا لە کوردستاندا کە سەدان ساڵە زەمینەی جاشایەتی و سنوورپارێزی بووتە نەریتێک بۆ هەندێک ئاغا و سەرۆک خێڵ، ئەمە سەرەڕای دوژمنێکی نەزان و هۆڤی وەکو دەوڵەتی تورک، کارەساتەکان زیاتر دەکات. بۆیە دەبوو پارتی کرێکارانی کوردستان، لە دوای 1993 کە یەکەمین ئاگر بەستیان ڕاگەیاند، بیریان لە ئەرتەشێکی بە ژمارە کەمی شارەزا و پرچەک بکردایەتەوە بۆ پارێزگاری لە خۆیان و ترساندنی دەوڵەتی تورک، نەک ژمارەی گریلاکان بگەینرایەتە هەندێک جار، بیست هەزا کەس. بەهەر حاڵ، سیاسەت لەسەر ئەگەر ناکرێت، گرنگ ئەوەیە کە بتوانرێت، هەڵەکان کەڵکیان لێوەربگیردرێت و دوبارە نەبنەوە.
لە یاسای بنگەیی تورکیا دا، هیچ کەلەبەرێک نە هێڵدراوەتەوە بۆ دامەزراندنی لە سەدا سەد، پارتێکی کوردی یان میللەتێکی تر جگە لە تورک، بۆیە داواکارییەکی وا یان هەوڵدان بۆ کارێکی سەدا سەد کوردی، وەک منداڵێک وایە کە بە مردووی لە دایک ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پارتانەی کە تا ئێستا دامەزراون لەلایەن کوردانەوە (HEP, DEP, HADEP, DEHAP)، نازانرێت چەند جاری تریش لە داهاتوودا پێویست بە ناوگۆڕین دەکات، مۆرکێکی کوردیان پێوە بووە، دەتوانرێت بڵێین کە ڕەنگە لە سەدا نەوەدوونۆی ئەندامان و بەرپرسیارانی ئەو پارتانە کورد بوون. هەڵبەت بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش بەهەمان شێوەیە، هەر کە دەوڵەتی تورک لەسەر نووسینێک دەیانداتە دادگا و بڕیاری داخستنیان دەدات، ڕۆژنامەیەکی تر بە ناوێکی ترەوە دەست بەکار دەبێت، جارێک ڕۆژنامەنووسێک نووسی بووی "دەوڵەتی تورک تەنها وشەی قەدەغە دەزانێت، ئێمەش دەیان ناوی نوێمان ئامادەیە بۆ جێگا گرتنەوەی ناو و وشە قەدەغەکراوەکان".
دامەزراندنی پارتی سیاسی بۆ هاتنە سەر حوکوم و دەسەڵات گرتنە دەستە، بۆ گۆڕینی پلانە ئابووری و سیاسیەکانە، ئەو پارتانەشەی کە لەلایەن کوردەکانی باکوورەوە دامەزرێنراون و بەشێوەیەکی ئاشکرا و لێگاڵ کاریانکردووە و دەکەن، بۆ ئەو مەبەستەیە، بۆیە هەرچەندە باسی تورکیایی و ئەندۆلیش بکەن، ئەوا لاشەیەکی کوردیان هەیە و جەماوەری کورد لە پشتیانەوەن، بۆیە دەبێت لەگەڵ داخوازییەکانی گەلی کورد یەکبگرنەوە.
لە دوای هەڵبژاردنی لەیلا زانا و هاوارێکانییەوە (دیارە کە دەڵێم لەیلا زانا، ئێستا ناوی ئەو لە پێشەوەیە دەنا ئەوانی تر هیچیان لە لەیلا زانا کەمتر نییە) بۆ پەرلەمانی تورکیا و پاشانیش زیندانی کردنیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەوە، پارتە جێگرەوەکانی (دەپ) نەیانتوانی ڕێژەی دە دەرسەد بەدەست بهێنن کە مەرجە بۆ چونە ناو پەرلەمانی تورکیا و لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانیشدا پارتی (دەهاپ) بەهۆی ئەو بەرەیەیی کە لەگەڵ هەندێک پارتی چەپی تورکدا دروستیان کرد بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، شکستێکی بەرچاویان هێنا، کە ئەوەش دەکرێت وەکو نارازیبوونی کوردان لەو بەرەیە کە زیاتر بەرەیەکی ئایدۆلۆژیی بوو، چاوی لێبکرێت، دەنا هیچ پاساوێکی تر ناتوانێت وەکو ئەرگومێنتێک بهێنرێتەوە بۆ ئەو شکستە سیاسییە. ئێستاش ئەگەر لەیلا زانا و هاورێکانی بەهەمان سیاسەت و پلانی (دەهاپ) دەست بەکار بن، چاوەڕێی سەرکەوتنیانی

گەورەیان لێ ناکرێت، ڕەنگە زۆربەی زۆری کورد هەرەوەک چۆن لە نەورۆزدا پشتیوانیان لێدەکەن و بەشداری میتینگەکان دەبن، ئاواش پێشوازی لە لەیلا و هاوڕێکانی بکەن، بەڵام ئەو پشتیوانییە تەنها وەکو شتێکی ڕۆژانە و عاتفیانە دەبێت و ناتوانرێت بۆ هەڵبژاردن حسابیان لەسەر بکرێت. کەواتە نابێت هەڵەکان دوپات بکرێنەوە. هەموو ئەو پارتانەی کە تائێستا لە تورکیا و باکووری کوردستاندا بە ناوی کوردەوە کاریانکردووە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ژێر کاریگەری سیاسەتی پارتی کرێکارانی کوردستانی جاران و کۆنگرەی گەلی کوردستانی ئێستادا، هەنگاویان ناوە و دەنێن. گۆڕانکاریەکانی جیهان و ناوچەکە وا لە کۆنگرەی گەل دەخوازێت کە ئەو گۆڕانکاریانەی لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایی و نوێکردنەوەی خۆیان، بخەنە پراکتیکەوە و تەنها لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو پارتە نەمێننەوە، چونکە کۆنگرەی گەلی کوردستان (گۆنگرەی گەل)، بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، بە تایبەتی دوای بڕیاری "شەڕی پارستنی ڕەوا" و هەڵوەشاندنەوەی ئاگربەستی یەکلایەنە کە دوای تەسلمکردنەوەی بەرێز عەبدوڵڵە ئۆجەلان لەلایەن باندە سیخوڕییە جیهانییەکانەوە بە دەوڵەتی تورکیا، بڕیاری لەسەر درابوو.

دەکرێت ڕەخنە لە سیاسەتەکانی ئۆجەلان بکیرێت و شرۆڤەی جۆراوجۆریشیان بۆ بکرێت، بەڵام بڕیاری ئاگربەست و داخوازی ئاشتیانەی کێشەی کورد، سیاسەتێکی دروست و ڕیالیستانە بوو، چونکە بەو سیاسەتە ڕێگای لە بەشێک لە سیاسەتی قڕکردنی کورد لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە گیرا. تورکیا هەروەک زۆر وڵاتی تر کە "جەنراڵەکانی" دەستی باڵایان هەیە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، هەمیشە دەسەڵاتی خۆیان لە نائارامی و شەڕدا دەبیننەوە، چونکە ئەوان لە ژێر ناوی "دژە تیرۆر" دەتوانن زۆر کاری نایاسایی بۆ نمونە بازرگانی بە مادەسڕکەرەکانەوە بکەن و لە ژێر سێبەری شەڕی داسەپاویاندا، گیرفانەکانیان هەڵاوسێنن، وەک دەزانرێت تورکیا دەروازەی گەیاندنی ئەو مادانەیە بۆ ئەوروپا.

کۆبوونەوەی هەموو سەرکردەکانی ئەو پارتانەی کە لەلایەن تورکیاوە قەدەغەکران و ئەوانەی ئێستا کاری سیاسی دەکەن وەکو (دەهاپ و پارتی ئازادی)، بەتایبەتی سەرۆکی پارتەکانی پێش دەهاپ وەکو بەڕێزان ئەحمەد تورک و موراد بۆزلاک و دەیانی تر، لە دەوری ئەو تەڤگەرە نوێیەی کە ئێستا خەریکە بە ناوی (تەڤگەری جڤاکی دیموکراتی) دروست ببێت، هەنگاوێکی گرنگە لە سیاسەتی نوێی کوردانی باکووردا، بە تایبەتی کە لە چەند لایەکەوە جا بە هەچ ناوێکەوە بێت خەریکی تێکدانی یەکیەتی کوردانن لە باکوور. دەکرێت ئەم تەڤگەرە زیاتر بەرفراونتر بکرێت و ئەوانەشی کە خۆیان لە دەرەوەی ئەو تەڤگەرە دەبینن ئەگەرچی هیچ کاریگەریەکی  سیاسیان نییە لەسەر گۆرەپانی کوردستان و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە تایبەتی لە ئەوروپا، هەوڵبدرێت بۆ بەشداریکردنیان لەم تەڤگەرە نوێیەدا، ئەوەش لە ڕێگای دیالۆک و ئاشتبوونەوەیەکی سەرتاسەریدا دەکرێت. کورد ئەگەر داوای ژیانێکی ئاشتیانە لەگەڵ تورکدا بکەن، ناکرێت لە بەینی خۆیاندا تەبا نەبن.

ئەو بزوتنەوە ئاشتیانەیەی کە خاتو فەلەکناس ئوجا (ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا) و دەیان ڕۆشنبیر و هونەرمەند و سەندیکاکانی  کورد و تورک خستویانەتە گەڕو، بڕیارە  لە 11/10 لە ئەستەنبولەوە بەرەو دیاربەکر (ئامەد) بکەونە ڕێگاو وا چاوەڕێ دەکرێت بە سەدان هەزار کەس لە ئامەد پێشوازیان بکەن، ڕەنگە بتوانێت دەروازەیەکی نوێ بۆ چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشەی کورد بخاتە سەر پشت، بە تایبەتی کە ئێستا تورکیا بەرەندامی یەکیەتی ئەوروپایە و بەبێ چارەسەری کێشەی کورد، محاڵە بتوانن ببنە ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا.بۆیە دەبێت هەمو کورد پشتیوانی ئەم هەوڵە ئاشتیانەیە بکات و ڕاگەیاندنی کوردیش لە ڕوداوەکان خۆیان نەدزنەوە.

هەموو کێشە ئێتنیکیەکانی جیهان لە دواجاردا دەبێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن، پرسی کوردیش دەبێت لەو چوارچێوەیەدا چارەسەربکرێت، دامەزراندن و بەرەوپێشبردنی ئەو هەموو کۆمەڵە مەدەنیانەی کە لە باکووری کوردستاندا لە ژێر هەلومەرجی دژواردا خەباتی خۆیان پەرە پێدەدەن، وامان لێدەکات کە گەشبین بین بۆ چارەسەریەکی ئاشتیانە و پێکەوەژیانێکی یەکسان و ئازاد.